# تاوانبارەكانی دوعاخان با بناسین

سروشت عومەرمەعروف
samaebaran@yahoo.com

ئایا هەر بكوژانی دوعا تاوانبارن یان چەندین تاوانبارانی دیكە لەناوماندا دێن ودەچن و كەسیش لە گولّ كالّتریان پیّ نالیّت بۆنمونە ئەو پۆلیسانەی بەر دەرگایی باخی گلّكەندو و پاركی ئازادی لە بۆ سەدان بۆهەموو نیرو مێیەك گەر پركێشی بكەن بەتامەزرۆوە سەیری یەكتری بكەن وگولّی ماچ بڕوێنن بۆئەوەی ئەمانیش لەڕەگەوە ملیان هەلّكەنن ئەی نابینی پرە لەهەمووشتیك تەنیا عەشق نەبێت دوودلّدار نابینی لەژێر سیبەری دارەختێكدا تەنهاییان برەوێنەوە ئەولیستە گەورەیەی كەلە بەردەم پاركی ئازادیدا دانراوە بەئاوی ئالتون نوسراوە هەرخالّێكی زنجیرێكە دەیكەنە گەردن ودەست وپیوەندت هەموو خالەكانی باس لەوە دەكەن كە دابو نەریتی كوردەواری رەسەن بپارێزن ئەو داب ونەریتە ی هەزاران سالە خەساندوینی جگە لە كۆیلەیەتی بۆ وبوغز و كوشتن و هیچی دیكەی بۆ بەرهەم نەهیناوین یان ئەو پۆلیسانەی بەناوی پۆلیسی ئادابەوە هەلدەكوتنە سەر دوكان وشوێنەگشتیەكان یان ئەو مێشكانەی حەز ناكەن خویندنگاكان تێكەلّاو بكرێن لە سەرەتاییەوە تا زانكۆ تەنها مەبەستی راستەڤینەیان ئەوەیە نیرو میّ لەیەكتری تێنەگەن و بیان خەسێنن تاگیانی رق لای نێرەكان تۆخ تربێت وبۆ ئەبەد لەیەك تێنەگەن هەمیشە ئامادەبن بۆ كوشتنی دوعاكانمان نەك دوعاكانیان ئەی ئەو دایك وباوكانەی مامەلّە بە كچ وكورەكانیانەوە دەكەن دەیان دەن بەشوو ژنیان بۆدەهێنن تواناى بریاردان لە مندالّەكانیان دەسەندنەوە دیسانەوە ئەمانەش تاوان بارانێكی دیكەن یا ئەوانەی گەورە بە بچووك دەكەن یا بەبیّ رەزامەندی وەك جل ژن دەگۆرن یا ژن بەژن دەكەن یا دەیخەنە بری خوێن بۆئەوەی تا بتوانن لەڕێ ئەو كچەی وەریانگرتوە تۆلّەی خۆیان لە نەیارەكانیان بكەنەوەئەمانە ش دەبێت بخرێنە لیستی رەشەوە چونكە دەستەكانیان پڕەلە بەرد ئەی ئەو گەنجانەی بۆ سوكایەتی بەرامبەرەكانیان جنیو بەئەندامی زاوزی خوشك ودایكی یەكتری دەدەن یا بەو پەری نائاگاییەوە دەبن بە پۆلیس بەسەر نێر و مێكانەوە نازانن خۆشیان كچن یان كوڕن دژی هەموو پەیوەندیەكن. دەبن بەكۆیلەی داب و نەریتیكی سەپێنراو ، ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازە تیّ ناگەن پەیوەندی لەنێوان هەموو كچ وكورێكدا رەوایە بەلام ئەوەی رێگرە ساویلكەیی‌و گەمژیی خۆمانە گەر من خوشكەكەم هاندا خۆشەویستی بكات واتە خۆمم هانداوە تامنیش هاورێیەكی كچم هەبیت بەمەش وورده وورده دەبینەكۆمەلّگایەكی كراوەو تەندروست تارادەیەك لە زۆر نەخۆشی دەرونی و جەستەیی رزگارمان دەبێت كە ئێستا پێوەی دەنالێنین . ئەو مەلایانەی فەسادی‌و نەبونی و دزی‌و جەردەیی دەبەستنەوەبە دەر كەوتنی جەستە ناسكی مێینەوە درۆو ماستاو سارد كردنەوەو تالآنی مالّی میللەت وكۆیلەیی بەبیّ شەرەفی نازانن تەنها ناوگەلی مێینە شەرەفیانەودەبێت كۆمەلّگا وەك بیلبیلەی‌چاو بیپارێزێت، وە بەشیوەیەكی ناراستەوە خۆ هانی هەوادارانیان دەدەن تا لێیا بپرسنەوە بیان وكوژن هاواردەكەن .ودەلێن ئاگاتان لە خوشك ودایك و كچەكانتان بێت بۆ نمونە مەلایەك لە نویژی هەینیدا دەیگوت( ئەو باوكەی بیەلّێت كچەكەی پانتۆلّی تەسك لەپی بكات بەحیاتی چاوی بە بەهەشت ناكەوێت) ئاخۆ لە دوای ئەم قسەیەوەچەند ئاژاوە كەوتبێتە مالّەكانەوە.هەروەكو دەزانین چەندەها تاوانی ڤیزەون كراوە بەرامبەر جەستە بیّ دیفاعەكان دوعاخانم شانسێكی هەبوو كەیاریدەی داین رووی دزیوی راستەڤینەی پاریزەرانی ناوگەلّ پەرستان ببینین جوانە و مهابادو رۆژین وكیّو كیّ یش هەروا كوژراون و دەكوژرین بەلّام من لێرەدا سوپاسی مۆبایل بەدەستان دەكەم گەر بە ئاگایی بووبیت یان نائاگایی رووداوەكەیانبۆ گواستینەوە بووە هۆی تەڤینی نارەزایی‌و ئازارێكی پەنگ خواردوو، لەسەرو هەموویانەوەباوكی دوعا خۆیەتی لە چاوپیكەوتنەكانیا دەر ئەكەویت چەند پەشیمانە . لە دوایی كوشتنی جەستەی دوعاخانەوە چەندین ئافرەتی دیكە لەناوبراون یەكیك بەفیشەك لە شاخی گۆیژە فریدراوە یەكێكی كە بەسۆندەلەكۆیە خنكێنراوە یەكێكی كە بە سووتان لە هەولێر واتە چەوساندنەوە بەردەوامە بەرد بەدەستان لەناوماندا دەسورێنەوە دەبیت

**ڕێکخراوەکانی ژنان هانی خانمی یەکەمی عیراق بدەن تا پشتیان بگرێت بەیاسایی کردنی سزایەکی قورس بۆهەموو ئەو کەسانەی  کە بەدەستێك بەرد و بەدەستەکەی دیکەیان بەنزینیان پێیە .  کەس نەیان گرێتە خۆ تاوانی یاسایی دژە تیرۆریان بدەنە پاڵ وە ئەم ڕووداوە  بەرچاو ڕوونیەکی دیکەی دا بەئێمە تازیاتر پێداگرین لەسەر ئەوەی مادەی حەوتەمی دەستوری هەرێمی کوردستان بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نەکرێت چونکە ئەمە ئەنجامەکەیەتی ڕێ ئەگری لە کرانەوەی کۆمەڵگاکەمان لەوەی هیچ پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەنیوان کوران و کچان ڕوونەدات بەرای من ئەمە بەگەورەترین  کێشەی کۆمەڵگایی کوردی دائەنیم چونکە کە خۆشەویستی نەبوو ڕق بوغز جێگایی دەگریتەوە وەپێچەوانەکەشی ڕاستە**